# نامومکینبوونی هزری کولتووری:

## وەڵامێک بۆ بیرمەندانی ئێرانشارگەرا

دکتۆر ئەحمەد محەمەدپوور

و: ڕەسووڵ سوڵتانی

هاندەری سەرەکیی ئەو نووسینە، وتارێکی پڕبایەخی دکتۆر پەیمانی وەهابزادەیە، بە ناوی "ئێران ئەتنیکی نییە"[۱] کە لە ماڵپەڕی "نقد اقتصاد سیاسی"دا بڵاو کراوەتەوە. هاوڕێی فرەزانام دوکتۆر ئەفشین مەتین عەسگەری مامۆستای مێژوو و لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی کالیفۆڕنیا ـ لۆسانجلێس هانی دام بە نووسینی یادداشتێکی مرۆناسانە لەو باسەدا بەشدار بم. بەشێوەی گشتی لەگەڵ بەڵگاندنەکەی دوکتۆر وەهابزادە هاوڕام، ئەوەندە نەبێ، بە باوەڕی من دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چەمکی "کولتوور"، چەمکێکی تەواو مرۆیی و ئەخلاقی کە لە مشتومڕی بێبڕانەوەی تیۆری و تێگەیی لەسەر کۆمەڵێک وشەی زۆر ناڕوونی وەکوو "ملییەت" و "نەتەوە" و "قەوم" ڕزگارمان دەکات. وەهابزادە پێشنیار دەکات دەستەواژەی "نەتەوە خۆجێییەکان" یان "نەتەوە بەراییەکان"ی کە ئەمڕۆ لە ئەدەبیاتی دژەداگیرکەریدا باون، بەکار بێنین، کە منیش لەگەڵی هاوڕام. بەو حاڵەشەوە، ئەو چەمکانەش هێشتا مشومڕهەڵگرن، لەو لایەنەوە کە پێکهاتەی ئەو کولتوورانەی لە جوگرافیای ئێراندا نیشتەجێن، کۆمەڵێک جیاوازیی ورد و درشتیان لەگەڵ "نەتەوە بەراییەکان"دا هەیە، بەڵام بەڵگاندنە بنەماییەکەی بەڕێزیان هەر بە ڕێخۆشکەر دەزانم. هەر وا بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ چۆن خۆ لەو باسە بدەم، کە بەسەر دوو بابەتی تێلێگرامیدا کەوتم: "جنێونامە"ی سەید جەواد تەباتەبایی[۲] لەبارەی نڤیسارێکی دکتۆر کامران مەتین بە ناوی "ئێران وەکوو کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە" و، یادداشتێکی دکتۆر حەمیدی ئەحمەدی لە ژێر ناوی "ئەفسانەی نەتەوەکان[۳] لە ئێراندا" کە وێڕای ڕەخنەگرتن لە بۆچوونەکانی دکتۆر مەتین و ڕەدکردنەوەیان، پشتی بە هێندێ بیرمەندی بواری ناسیۆنالیزم بەستووە و پێی لەسەر جەوهەری تاک و تاقانەی نەتەوەی ئێرانی داگرتووەتەوە و بزاڤەکولتوورییەکانی میللەتی کوردی دژی ناسیۆنالیزمی داپڵۆسێنەری ئێرانیی بە پیلانێکی ستالینیستی و چەپی داناوە. ئەم دەقەی پێشکەشتان دەکرێ، وەڵامێکی گشتییە بەو باسانەی سەرەوە.

## گەڕانەوە بۆ کولتوور

وەکی ئالفرێد کرۆبێر بیرمان دەخاتەوە، مرۆناسی "مرۆییترین زانست و زانستیترین زانستی مرۆیی"یە کە بۆ لێکۆڵینەوە لە "فرەیی مرۆیی" تەرخان کراوە.[۴] بە واتایەکی دیکە، مرۆناسی زانستی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی کولتوورە وەک کۆی بەرهەمی مێژووی مرۆڤایەتی. ئالفێرد کرۆبێر و مەکس گلاکمەن سەرەڕای کۆکردنەوەی نزیک بە دووسەد پێناسە لە کولتوور، هێشتا دردۆنگ بوون لە سنووردارکردنی پێناسە و بەربڵاوییواتایی ئەو واژەیە. ڕیمۆند ویلیامز، بیرمەندی ناوداری بواری لێکۆڵینەوەی کولتووری دەڵێ "کولتوور" یەکێکە لە پێچەڵپێچترین

دەستەواژەکانی زمانی ئینگلیزی.[۵] مرۆناسە کولتوورییەکان تا ڕادەیەک هاوڕان لەسەر ئەوەی کولتوور "بریتییە لە هەر شتێکی مرۆڤ دروستی دەکا و فێری دەبێ." لە ڕاستیدا، کولتوور بۆ مرۆڤ، وەکوو ئاو وایە بۆ ماسی. مرۆڤ ناتوانێ کولتوورساز نەبێ و تێیدا نەژی یان لە دەرەوەی کولتوور بیر بکاتەوە. لەو واتا بەربڵاوەدا تەنانەت شتە سروشتی و بێگیانەکانیش ئەوکاتەی کە بە وتەی"کلیفۆرد گیرتێز" لە "بابەتی سیمبۆلیک" و "بیاڤی ئاگایی"ـی مرۆڤدا خۆ دەنوێننەوە و واتا دەگرن، ئیتر دەبنە بەشێک لە کولتوور.[۶] هەر لەو واتاسازییەدایە کە ناوەکان، مێژوو، زەین و ئاگایی و زمان ئاوێتەی یەکتر دەبن، بۆ ئەوەی بۆ نموونە زنجیرە چیایەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی "قەندیل"، ببێتە بەشێک لە کولتوور و بیرەوەریی کورد، یان ناوی "ژینا" لە هەمبەر ناوی "مەهسا"دا خۆ بگرێ یان وەرگێردراوی دروشمی "ژن ژیان ئازادی" بە فارسی، بە واتای دارنین و ئەستاندنەوەی خاوەندارێتی لێی و نەزۆککردنی دەر بکەوێ. لەو ڕوانگە واتاییەوە وەختێک کۆمەڵەی زاڵ و سەردەست لە زەینی خۆیدا بە کوردستان/ڕۆژهەڵات دەڵێ "پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و سنوور" و ئاوا ناویان دێنێ، دەکرێ ئەو ناوهێنانە وەکوو خەیاڵی داگیرکەریی داگیرکەر خۆ بنوێنێ. هەر لەو دەلاقەیەوە ڕیمۆند ویلیامز باوەڕی وایە: شەڕی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان بەشێوەیەک شەڕ و ململانێی نێوان کولتوورەکانە لەسەر واتا و هێماکان. بەپێچەوانەی کۆمەڵناسەکان کە چاویان لە نەزمیکۆمەڵایەتییە، یان مێژوونووسان کە چاویان بڕیوەتەوە گۆڕانکارییە مێژووییەکان، مرۆناسەکان هۆگری ناسینی مرۆڤ لە گشتیترین واتای خۆیدان. لەو بوارەوە، کروبێر چوار لقی مرۆناسی یانی مرۆناسیی ژینەکی/جەستەیی، مرۆناسیی کولتووری/کۆمەڵایەتی، کەونارناسی و زمانناسیی ناو ناوە "هێشووی پیرۆز" کە ناکرێ لێک جوێ بکرێنەوە.[۷] یەکەم مرۆڤناسەکان ـ ئەگەر نووسینی گەڕیدەکانی سەدەکانی ناڤین هەر لەبەرچاو نەگرین ـ لەلایەکەوە بە ڕەچاوکردنی مۆدێلی میکانیکی/پۆزیتیڤیستی زانستی سروشتی و لایەکی دیکەوە بە ئیلهاموەرگرتن لە ڕەوتە زاڵەکانی ڕووناکبیریی قۆناغی ڕۆشنگەری، زۆر لە ژێر کاریگەریی ڕەوتی پەرەسەندن بوون. ڕەوتی پەرەسەندن لەژێر کاریگەریی بەرهەم و بیروبۆچوونەکانی کەسانی وەک داروین و ڤالاس و سپێنسێر و لیڤی بروڵدا، ڕوانگەیەکی یەک هێڵیو بەرەوپێشەوەیان بۆ چەمکی کولتوور هەبوو.[۸] ئەو ڕوانگە ژینەکی/پەرەسەندنییە لەخۆیدا دەرەتانی ئەوەی نەبوو کولتوورە مرۆییەکان لەسەر جۆرێک یەکانگیری یان پەیژەی شارستانی دەستەبەندی و پلەبەندی بکا. لە ڕاستیدا پێکگەیشتنەوەی "ژینناسی" و "کولتوور" بەرهەمی یەکانگیریی "یەزدانناسیی مەسیحی"

و "کۆلۆنیالیزمی ئەورووپایی" بوو، کە "مرۆڤی ڕۆژئاوای" بەلاوە چەقی گەردوون و سەرقافڵەی پێشکەوتن و لە هەمووشی گرنگتر بانگەشەکەر و مامۆستای بەشارستانیکردنی کولتووره ناڕۆژاواییەکان بوو. بەو جۆرە، ئەورووپاتەوەری، یەزدانناسیی مەسیحی و باوەڕ بە مەزنەژیانی مرۆڤی ڕۆژاوایی لە چاو مرۆڤی ناڕۆژاوایی یان "کێوی" بۆ ماوەی چەندین سەدە بوو بە "ڕژیمی حەقیقەت" یان "ئێپیستمە"ی سەردەست و زاڵی ئەورووپاتەوەری. لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە بەدواوە لەحاڵێکدا کە کۆمەڵناسیی سەرقاڵی توێژینەوە لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئەورووپایی بوو و کورسییەکانی زانکۆی بەدەستەوە بوو ـ بوارێکی تایبەت بۆ تێگەیشتن لە جیهانی مۆدێرن بەتایبەتی ئەورووپا ـ واتە مرۆناسی، خەریکی تاوتوێکردنی ڕابردووی "مێژوویی/ پەرەسەندنی ژینەکی و کولتووریی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بوو و باوەڕی وا بوو کە دەتوانێ بە تێگەیشتن لە کولتووری خەڵکی "کێوی" و "ناشارستانی" دەتوانێ ڕابردووی کولتووره هاوچەرخەکانی ڕۆژاوا بناسێ، لەو نێوەدا ئەو بوارە بڵێی و نەڵێی کەوتە خزمەتی کۆلۆنیالیزمەوە.[9]

## ئاوردانەوەیەک لە پەرەسەندنی تیۆریی ڕەگەزپەرستانەی زمان و ناسنامە

ئەدەبیاتی مرۆناسیی بەرایی ئەورووپایی تا ڕادەیەک پڕە لە سازکردن و پاساوی سیستەمی جۆراوجۆری دەستەبەندیی کولتووری/ژینەکیی مرۆیی، کە بە باشترین شێوە لە کار و بەرهەمەکانی "هێنری مۆرگان" و "ئێدوارد تایلەر" و "ئالفرێد کرۆبێر" و "جەیمز فریزەر" و "برانسیلا مالینۆڤسکی"دا دەر دەکەون. هاوکات و تەنانەت پێشتریش ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپایی ـ ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی لە سەردەمی پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هۆگر بوون و پێیان خۆش بووە بزانن زمانە ئەورووپاییەکان چ پەیوەندییەکانی لەگەڵ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بەتایبەتی سانسکریتدا هەیە. یەکێک لە یەکەمین هەوڵەکان لەو بوارەدا لەلایەن "سێر ئێدوارد جۆنز" لە ١٧٨٦ـدا درا، کە پێی وابوو پەیوەندی و نزیکایەتیی نێوان زمانە ئەوروپییەکان و سانسکریتی دۆزیوەتەوە.[10] وردە وردە ئەو بیرۆکەیە بوو بە وەهمی گرێدانی زمانبە خوێنەوە. زمانناسانی ئەڵمانی کە پێیان وابوو کولتووری ئاڵمانی بە جۆرێک سەرکردە و پێشقەڕەولی ڕۆحیی جیهانە، بە پشتبەستن بە کارەکانی جۆنز، زمان و ڕەچەڵەک و خوێنیان پێکەوە بەستەوە. "فردریش شلێگێل" یەکەم کەس بوو کە وشەی "ئاریا"ی داهێنا و بەو جۆرە بواری بۆ کاملبوونی تیۆریی ئایدیالیزمی ئاڵمانی لەسەر بنەمای هاوپەیوەندیی ڕەچەڵەک و خوێن خۆش کرد: تیۆرییەک کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە چوارچێوە و فۆرمی نازیسم و سەرهەڵدانی ئاڵمانی هیتلەریدا خۆی دەرخست.

مرۆناسەکان و بیرمەندانی کۆمەڵایەتیی سەدەکانی هەژدە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەگشتی باوەڕیان بە پارادایمی تیۆریی ڕەچەڵەکی کولتوورەکان و دەرەتانی دەستەبەندیی پەرەسەندنی/

ژینەکیی ئەوان هەبوو. بۆ نموونە "ئێرنێست ڕێنان" مرۆڤی شارستانیی ڕۆژاوای لە هەمبەر "مرۆڤی ئیسلامیی ناشارستانیدا" Homo Islamicus دانا. لەوەپێش تاکسۆنۆمیستگەلێکی وەکوو "فریدریش بلۆمنباخ" و "کارل لیناس" کولتوورەکانیان بەگوێرەی جوگرافیا و ڕەچەڵەک و خوێن و تەنانەت قەبارەی کاسەسەر دەستەبەندی کردبوو.[١٢] تیۆریگەلی ڕەچەڵەکناسانەی کولتووری لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە بەرهەمهێنانی دەقی ڕچەڵەکپەرستانەی "فەتحەلی ئاخوندزادە" و "میرزا ئاغاخان کرمانی" هاتنە نێو ئێرانی سەردەمی قاجارەوە. بەرهەمەکانی ئەو دوو نووسەرە هەڵگری ڕەگەزپەرستانەترین و بەکەمگرترین و بێبنەماترین بۆچوونن لە سەر عەرەبەکان و جووەکان و تورک و مەغوول و تەنانەت ڕەشپێست و سوورپێستەکانی ئەمریکاش. کرمانی یەکەم کەس بوو کە بە پەیرەوی لە ڕۆژهەڵاتناسان دەستەواژەی "ئاریا"ی بۆ هەڵبەستنی ناسنامەی نەتەوەیی تاک و یەکینەی ئێرانی بەکار هێنا. بەو حاڵەشەوە توخمە پێکهێنەرەکانی "ئێرانیبوون" لای ئەو دوو نووسەرە شۆڤێنیستە تەنیا لە "زمان و کولتووری فارسی"دا کورت کراویەوە.

مێژوونووسان و ئێرانناسانی وەکوو مستەفا وەزیری[١٣] و ئەفشین مەتین ـ عەسکەری[١٤] و عەلیرەزا ئەسغەرزادە[١٥] ڕەزا زیا ئیبراهیمی[١٦] بە تێروتەسەلی باسی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی/فارسییان لە مەودای ساڵانی ١٩٠٦ تا ١٩٢٥دا کردووە. بەتایبەتی کۆمەڵێک لە نووسەرانی ناسراو بە "کۆڕی بێرلین" کە قۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە بەرهەمێک هەڵماڵی بۆ پێناسە و پەرەگرتنی تێگەیشتنی پەرەسەندنی و، ئەورووپاوەر و ڕۆژهەڵاتناسانە لەسەر پێکهاتەی فرەکولتووری و چەندزمانیی ئێران.[١٧] پێناسەیەک کە زمان و ناسنامەی کولتووریی فارسی لەسەر ترۆپکی کامڵبوونی مێژوویی سێهەزار ساڵە دادەنا و کولتوورەکانی دیکەشی لە پەراوێزەکەیدا. گۆڤاری "کاوە" (١٩١٦ تا ١٩٢٢) بە سەرنووسەریی حەسەن تەقیزادە، گۆڤاری "ئێرانشەهر" (١٩٢٢ ـ ١٩٢٧) بە سەرنووسەریی حوسێن کازمزادە ـ ئێرانشەهر، گۆڤاری "نامەی فەرەنگستان" (١٩٢٧ ـ ١٩٢٢) بە بەڕێوەبەریەتیی موشفیق کازمی و گۆڤاری "ئاینده" (١٩٢٥) بە بەڕێوەبەریەتیی مەحموود ئەفشاری یەزدی لە مەودای دوو دەیەدا بیچمی جۆرێک "ڕژیمی حەقیقەت"یان پێک هێنا، کە لە دەوری تەوەری ئێرانیبوون و میراتگەرایی و کەونارخوازی و لە هەمووشیان گرنگتر "زمانی فارسی" کۆ دەبوونەوە. بۆ نموونە، لەحاڵێکدا کە گۆڤاری کاوە بە پێداگرتن لەسەر ئوستوورەی ئاریایی کە لە بنەڕەتدا سازکراوێکی ڕۆژهەڵاتناسانە بوو ـ باوەڕی بە ڕۆژئاواییبوونی بێلەمپەر بوو، نووسەرانی گۆڤاری ئێرانشەهر وێڕای ڕەخنەگرتن لە ڕۆژاوا، لە گەڕانەوەدا بۆ خۆیان، پێیان لەسەر مەزهەبی شیعە وەکوو ئایینێکی سازگار لەگەڵ

”ڕۆحی ئێرانی“ و ”زمانی فارسی“دا دەگرتەوە. کازمزادە لە ”خۆنواندنەوەی ڕۆحی ئێرانی“دا دەنووسێ ”ڕۆحی ئێرانی، وەکوو ئاوێنەی بێپەڵە هەموو تایبەتمەندییە سەرنجگرەکان و تەواوی لایەنە باشەکانی تایبەتی ڕەچەڵەکی سەربەرزی ئاریایی گشت قۆناغەکانی مێژووی خۆی دەرخستووە و نواندوویەتەوە، ڕۆحی ئێرانی بەردەوام بووەتە نوێنگەی ڕۆحی ئاریایی... ڕۆحی ئێرانی باشترین نموونەی ڕۆحی ئاریاییە.“ هەر بەو جۆرە نامەی فەرەنگستان بە پێداگرتنەوە لەسەر نوێبوونەوەی فەرماندەرانەی مستی پۆلایینی دەوڵەتێک بە واتایەکی تەواو فاشیستیانە، پەرەپێدانی زمان و کولتووری فارسیی بە بەردی بناغەی نەتەوەبوون دادەنا. گۆڤاری ئایندەش وەکوو بەرنامەی یەکدەستکردنی کولتووری و سڕینەوەی کولتوورە نافارسەکان، بە کەمتر لە لەناوچوونی کولتوورەکانی نیشتەجێی جوگرافیای ئێران ڕازی نەدەبوو. ئیرەج ئەفشار لەو بارەیەوە دەنووسێ: ”ئەگەر ئازەربایجانی بە زمانی تورکی ڕۆژنامە بخوێننەوە و شیعری تورکی بنووسن، ئیتر چ پێویستێکیان بە زمانی فارسی هەیە؟ دەبێ کارێکی وا بکەین وردە وردە وشەی فارسی جێی وشە تورکییەکان بگرنەوە، بەشێوەیەک کە سەدا حەفتای وشەکانی ببنە فارسی.“[١٨]

با بگەڕێینەوە سەر پێناسەی کولتوور. پاش دووەم شەڕی جیهانی، لەگەڵ پاشەکشەی کۆلۆنیالیزمی کلاسیک و پەرەگرتن و گەشەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە وڵاتانی داگیرکراودا و سەرهەڵدانی بۆچوونی دابڕێنەرانە و کەلێنسازانەی بیرمەندگەلی وەکوو میشێل فوکۆ و بەشوێنیدا سەرهەڵدانی هەڵوێستی پاشکۆلۆنیالیستی و وەرچەرخان و گۆڕانی لە دووتوێی گوتاری نەهێشتنی داگیرکەری، قۆناغێکی شیکردنەوەی کولتوور هاتە گۆڕێ، کە بە ”وەرەچەرخانی کولتووری“ بەناوبانگە. ئەو گۆڕانکارییانە بوونە هۆی پێداچوونەوە بە بیروبۆچوون و تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بە ناسیۆنالیزم. لەو تیۆرییانەدا، چەمکی کولتوور لەچاو چەمکی نەتەوە یان نەتەوەبوون کەمتر سەرنجی پێ درا. بەو حاڵەشەوە خاڵێکی سەرنجڕاتکێش ئەوەیە: ئەو پێناسانەی لە کولتوور و نەتەوە و ملییەت و قەوم دەخرێنە ڕوو، بە سەرنجدان بەوەی کە هەموویان ئاماژەیان بە هەبوونی کۆمەڵەیەکی خاوەن زمان و بیرەوەری و مێژوو و وڵاتی هاوبەشە، بەشێوەیەکی بەربڵاو هاوشێوە و تەنانەت وەک یەکن. بەڵام چەمکی قەومییەت، تۆزێک مشتومڕهەڵگرە و هۆیەکەشی دەچێتەوە سەر بیرخستنەوەی ئەو واتایەی کە مرۆناسە بەراییەکان بەگوێرەی تێڕوانینی ئەورووپاتەوەر خستبوویانە ڕوو و، ئەو چەمکەیان بە هاوواتای چەمکی کۆمەڵگەی نەریتی، ناشارستانی و نامۆدێڕن دادەنا. ئەو تێگەیشتنە لە ”قەومیەت“ ئێستا لە

کۆمەڵناسی و بەتایبەتی لە مرۆناسیدا بەلاوە نراوە، بەشێوەیەک کە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی پێناسەی نەتەوە و قەوم وەکوو زمان و مێژووی هاوبەش لەگەڵ چەمکی کولتوور تێک دەکەنەوە. زۆر جاران دەستەواژەی "ئێتنۆ" هاوڕەچەڵەکە لەگەڵ "ئێتنیسیتە" هاوواتای "خەڵک. هەڵبەت لە کەشی ڕووناکبیریی ئێراندا کە تێیدا زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە بنەڕەتدا دەوڵەتخوازانە و ناوەندخوازانەیە، ئەو چەمکانە هێشتا بە واتا سەدە نۆزدەییەکەیان بەکار دەبرێن. بەدوای سەرهەڵدانی تێڕوانینەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم، ئەمڕۆ مرۆناسانە کەلک لە دەستەواژەکانی "نەتەوە خۆجێییەکان" یان "نەتەوە بەراییەکان" وەردەگرن، بۆ ئەوەی پێ لەسەر خاوەنداریەتیی خاک و پێشینەی کولتووری و زمانیی کولتوورە بەکۆلۆنیکراوەکان دابگرنەوە و بیانپارێزن.[19]

## شتێکمان نییە بەناوی "کولتووری تاقانەی ئێرانی"

حەمید ئەحمەدی لە نووسینەکەی خۆیدا، بۆ ئەوەی بڵێ "نەتەوەبوون بریتییە لە هەر تاقمێکی زمانی و نەژادی و مەزهەبی و... ئەوە بە نەتەوە دەزانێ، نەک لە بەرهەمەکانی ئەو مەزنانەدا شتی وا بەدی ناکرێ، بگرە تا ڕادەیەک هەر هەموویان بەشێوازی جۆراوجۆر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە لایەنی ناوازەی ئێران کردووە وەکوو نەتەوەیەکی مێژوویی یان یەک نەتەوەی کەونارایی (ancient nation)". دێ توێژێک لە تیۆرداڕێژەرانی وەک "ئێرنێست گێلنەر، بێنێدیکت ئەندرسۆن و ئێریک هابسباوم و ئانتۆنی سمیت و دەیڤید میللەر" پێکەوە ڕیز دەکا بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە بنەما جیاوازە هزرییەکانیان و ڕوانینی جیاوازیان بۆ پێناسە و چەمکەکانی نەتەوە و ملییەت و ناسیۆنالیزم. ناوبراو وێدەچێ یان بەرهەمی ئەو نووسەرانەی بەباشی نەخوێندبێتەوە، یان بانگەشەکەی لەسەر بنەمای خراپتێگەیشتن لە کولتوور و تێکەڵکردنی ئەو چەمکە لەگەڵ زمان و قەوم و ئایین دامەزراوە. تیۆرداڕێژەرانی ناسیۆنالیزمی ئەزەلی/پرایمۆردیال لەسەر ئەو باوەڕەن کە نەتەوەکان جەوهەرێکی دێرین و سەرووومێژوویان هەیە و بوونیان بە مۆدێرنیتەوە نەبەستراوەتەوە. بۆ نموونە ئانتۆنی سمیت[20] لە کتێبی "ناسنامەی نەتەوەیی"دا (١٩٩١ ل ١٤) نەتەوە بە "کۆمەڵەیەکی مرۆیی خاوەنی ناو و هەرێمی هاوبەش و ئوستوورە و بیرەوەری و مێژووی هاوبەش، کۆمەڵەیەک و کولتوورێکی گشتی و ئابوورییەکی هاوبەش و خاوەنی ماف و ئەرکی یاسایی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامەکانی" پێناسە دەکا. هەر بەو جۆرەش ئێرنێست گێلنەر(١٩٨٢: ل ٤٣) ناسیۆنالیزم بە هەوڵی "کولتوورێک" یان "قەومێک" بۆ ژیان لە ژێر "میچێک"دا دەستەبەندی دەکا.[21] ئەو پێناسەیە لە نەتەوەبوون، لە بنەڕەتدا نەتەوەکان ناخاتە سەر ڕێچکەی ڕیزبەندی یان زنجیرەی پەرەسەندن. بەو حاڵەشەوە مێژوونووسەکان و

ئاکادیمییە ئێرانییەکانی وەکوو عەباس ئەمانەت[22] و حەمید دێهباشی[23] و حەمید ئەحمەدی[24] بەشێوەی هەڵبژێردە و لە پێناو هەڵبەستنی یەک کولتوور/ نەتەوەی تاکانەی ئێرانیدا کەڵک لەو دەستەواژانە وەردەگرن، بۆ ئەوەی دەری بخەن سەرەڕای چەندین سەدە هێرشی دەرەکی و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵ، شەقڵنەشکاو و یەکدەست ماونەتەوە و خۆیان پاراستووە. بۆ نموونە سەید جەواد تەباتەبایی، هەوڵ دەدا بە پشتبەستن بە خوێندنەوەیەکی هێگلی لە ڕۆحی نەتەوەیی (کە لە بەستێنی ئایدیالیزمی ئاڵمانیدا دەستەبەندی کراوە) یەکیەتیی نەتەوەیی لە فرەچەشنی ـ بە بۆچوونی وی ـ قەومی و زمانی و ئەو شتانە هەڵێنجێ، لەحاڵێکدا بەرێزیان پێی وایە ئەو فرەیی و جۆراوجۆرییانە دەفر و دەرەتانی کولتووری و ناسینی و مەعریفەناسیانەیان تێدا نییە، بۆیە دەرەنجام ئەو یەکیەتییە نەتەوەییەی تەباتەبایی مەبەستیەتی، ناچار هەر لەگەڵ کولتوور و ناسنامەی فارس هاوواتا و هاوشێوە دەبێتەوە. خۆ ئەگەر قەرار وابێ باوەڕمان بە جەوهەری نەگۆڕ و بەرایی نەتەوەکان هەبێ، ئەو جوگرافیایەی ناوی نراوە دەشتی بەرزی ئێران، بەو جۆرەی مێژوونووسەکان باسیان کردووە، هاوکات شوێنی ژیان و گیرسانەوەی سەدان نەتەوە یان کولتوور بووە. ئەو دەشتە بەرزە لە دووتوێی ئەو مێژووە چەند هەزار ساڵەیەدا کە لەبارەیەوە نووسراوە، بەردەوام حەوانگە و شوێنی کولتوورە جۆراوجۆرەکان بووە. سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانین ناوی دەیان ئیمپراتۆری یان بنەماڵەی قۆناغی پێش و پاش ئیسلام بێنین لە ئێراندا، بەڵام ئیمپراتۆرییەکان زۆر لە هەرێمە کولتوورییەکان و بوونە سیاسییە مۆدێرنەکان جیاوازن. ئیمپراتۆرییەکان، پێکهاتەی سیاسی/جوگرافیایی مەزنن، کە سنوور و هەرێمیان بەردەوام لە گۆڕاندا بووە و لەسەر بنەمای پاراستنی دەسەڵاتی هەرێمی و وەرگرتنی پیتاک وماڵیات دامەزراون. ئەو دەسەڵاتانە توانای جڵەوکردن و فەرمانڕەوایی یان ڕەچاوکردنی سیاسەتی هاوشێوەی دەوڵەتە مۆدێرنەکانیان نییە. ئەو پێناسەیە بەتایبەتی لەبارەی ئیمپراتۆری و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی نێو جوگرافیای ئێران ڕاستە، چونکە ئیمپراتۆرییەکانی کەونارا لە زاتی خۆیاندا لە ڕووی تەکنۆلۆژیک و برۆکراتیکەوە نەیاندەتوانی نەتەوە، قەوم، یان کولتوورێکی تاکانە دروست بکەن. ئەگەر قەرار وابێ، وای دانێین کە بوونی یەک نەتەوەی ئێرانی لە سەردەمی ساسانییەکان یان سامانییەکاندا بێینە پێش چاومان، کەوابوو دەبێ باوەڕمان بەوەش هەبێ، کە بۆ نموونە ئیمپراتۆریی هابسبۆرگیش یەک نەتەوە بووە و ئەو وڵات و نەتەوانەی لێی کەوتوونەتەوە، بە دەردی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان "جوداییخواز" بوون؛ یان بۆ نموونە هەموو ئەم جیهانەی ئەمڕۆ لە ژێر ناوی پاشماوەی نەتەوەکانی بەریتانیا و ئیسپانیا یان پۆرتوگال پێناسە بکەین، بەتایبەتی کە زمانی سپانیۆلی ئێستا زمانی باوی وڵاتانی ئەمریکای لاتینە.

ڕوانگەی پرایمۆردیاڵ ئەگەر قەرار بێ نەتەوەیەکمان بەناوی نەتەوەی ئێران بۆ پێناسە بکا، کە لە بنەبانی مێژووەوە هەبووە، دەبێ دەری بخا و پێمان بڵێ ئەو نەتەوەیە چ زمانێک، چ ئایینێک و ئەدەبیات و شیعر و وڵات و بیرەوەریی و دابونەریتێکی دیار و یەکدانەی هەبووە و پێوەی ژیاوە. لێرەدا لە سێ وەڵام زیاتر بەو پرسیارە نادرێتەوە: یان دەبێ هەر کام لە کولتوورەکانی نیشتەجێی نێو ئێران وەک نەتەوەیەکی جیاواز پێناسە بکەین، یان دەبێ حاشا لە جیاوازییە زمانی و ئایینی و کولتووری و ناسنامەییەکانی ئەو کولتوورانە بکەین، یان دەبێ چەمکی نەتەوەی ئێران بە "دال"ێکی بێ "مەدلوول" بزانین. بەتایبەتی ئەوەی کە وشەی ئێران لە هیچ بەرهەمێکی مێژوویی و ئەدەبیی پێشمۆدێرندا بە هاوواتای ناسنامەی نەتەوەیی و بە مانا مۆدێرنەکەی بەکار نەهاتووە و ناکرێ بەکار بێ، بەڵکوو بە مانای جۆراوجۆر و هێندێ جار دژ بەیەکی هەرێمی سیاسی جوگرافیایی و دینی بووە. لەو ڕووەوە، ئێران و نەتەوەی ئێرانی ـ بەپێچەوانەی زمان و کولتووری فارس و هەروەها کولتووورە نافارسەکان ـ پێکهاتەیەکی مێژوویی مۆدێرنە نەک بوونێکی ئەزەلی و ئەوپەڕمێژوو. لە ڕاستیدا ئەوە لەگەڵ شۆڕشی مەشرووتەیە کە چەمکی کۆن و فرەخوازی "مەمالیکی مەحرووسەی ئێران" گۆڕدراوە و کراوە بە چەمکی تازەی "نەتەوەی ئێران" و لەو ڕەوتەدا واتای وشەی "نەتەوە" لە "کۆمەڵگەی ئایینی"یەوە دەکرێتە "نەتەوەی مۆدێرن." لەگەڵ بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاخانە کە لە پرۆسەی کۆمەڵێک نامەگۆڕانەوەدا ناوی "پێرشیا" بە فەرمی دەگۆڕدرێ و دەکرێتە ئێران.

تیۆرییەکانی مۆدێرن و بیچمدەری ناسیۆنالیزم وەڵامێکی باشتر بۆ تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەدەستەوە دەدەن. ئێریک هابسبام (١٩٨٣)[٢٣] نەتەوەخوازی بە جۆرێک ئایدۆلۆژیا دەزانێ کە ئامانجەکەی پێکهێنانی تەباییە لەنێوان یەکەی سیاسی و یەکەی نەتەوەییدا. هابسبام وێڕای ڕەخنە لە تیۆریی ئەزەلی ـ ئەبەدیبوونی نەتەوە، باوەڕی وایە ئەو ناسنامە و نەریتانەی بانگەشەی پێشینە دەکەن، شتێکن بەو دواییانە دروست بوون و داهێنراون. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو واتایەدا تەواوی ناسنامەکان لە بنەڕەتدا بریتین بەو بەرهەم و پێکهاتە مێژوویی و کولتوورییانەی کە هەڵگری گۆڕانن، ناسنامەی ئێرانی یەکێکە لە باشترین نموونەکانی ئەو داهێنانە. بێنێدیکت ئەندرسۆن (١٩٨٣)[٢۶] لەوەی تێپەڕاندووە و ناسنامەی نەتەوەیی بە "کۆمەڵەیەکی وێنایی" و بەرهەمی سەرهەڵدانی پیشەسازیی چاپ دادەنێ. بە واتایەکی دی، ناسنامەی نەتەوەیی یان نەتەوە وەک "کۆمەڵەیەکی وێنایی" ناکرێ پێش مۆدێرنیتە هەبووبێ. بۆ نموونە وەرزێرێکی فارسی خەڵکی مەشهەد چەند سەدە لەوەپێش چۆن دەیتوانی بیهێنێتە پێش چاو و خەیاڵی خۆی کە لەگەڵ کەسێکی سنەیی یان بووشێهری کۆمەڵێک توخم و خاڵی هاوبەشی کولتووری و زمانییان

هەیە؟ سەرهەڵدانی ئەو وێنا تایبەتە مێژووییە لە ناسنامەی نەتەوەیی تەواو پەیوەندیی بە پێشمەرجی هەبوونی تەکنۆلۆژی و پەیوەندییەکان و پەروەردە و ڕاگەیاندنەکان و باقی دەرەتانە مۆدێرنەکانەوە هەیە. حەمید ئەحمەدی، دیسان لە یادداشتەکەی خۆیدا کە ڕەخنە لە دوکتۆر کامەران مەتین دەگرێتەوە، دەڵێ: "ئەو پێناسەیەی ناوبراو لە نەتەوە مەبەستیەتی، لە ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەت و دامودەزگای بانگەشەکەری ئەو وڵاتەوە دەرخواردی تاقمە قەومییەکانی سەرانسەری جیهان درا، بۆ ئەوەی هاوشێوەی سۆڤیەت لە وڵاتەکەی خۆیان جوێ بکاتەوە و بیانخاتە سەر خۆی." من گومانم لەوە نییە کە بەڕێز ئەحمەدی مێژووی هاوچەرخی ئێرانی خوێندووە. بەدڵنیاییەوە ناوبراو لە هەموو کەس باشتر دەبێ شارەزای هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تێشکانی بزووتنەوەی مەشرووتە و سەرهەڵدانی دەقە ڕەگەزپەرستانەکانی ئاخوندزادە و کرمانی و لە هەمووشیان گرنگتر هۆکارەکانی بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاخانی میرپەنج بە کۆدەتای بەریتانیا و لێکەوتەکانی دواتری بێ. ئەو لێکەوتانە، لە کوشتوبڕی سەرهەڵدانە کولتوورییەکانەوە تا کوشتاری عەشایەری بەختیاری و بوێرئەحمەدی و قەشقایی و لوڕ و عەرەب لەخۆ دەگرێ، کە هێندێ مێژووزانی وەکوو هومایون کاتوزیان و کاوە بەیات بە هاوشێوەی پاکتاوی ڕەگەزیی سوورپێستانی ئەمریکای باکووری دادەنێن. بەڕێزیان وەکوو مێژووزانێک بەدڵنیاییەوە ئاگاداری دەوری ڕۆژهەڵاتناس و کەوناراناسانی وەکوو "ئارتۆر پۆپ"ـە لە پەرەپێدانی ئوستوورەی ئاریایی لە سەردەمی پەهلەویدا و بەخشینی ناسناوی "پاکزاد"ی ئاریایی لەلایەن محەمەدعەلی فرووغییەوە بە ڕەزاخان لە ڕۆژی تاجلەسەرنانیدا لە ساڵی ١٩٢٦. ئیلهاموەرگرتنی دەستوپەیوەندەکانی ڕەزاشا لە نازیسمی ئەڵمانی و تەقینەوەی ئەو چیرۆک و ئوستوورانەی جەنابی ئەحمەدی بۆ بەشێک لەوان پشت بە بەرهەمەکانی ئانتۆنی سمیت و کەسانی دی دەبەستێ، بوو بەهۆی سەرهەڵدانی سیستەمی تاکڕەو و ئەو گوتارە داگیرکەرانەیەی لەسەر دروشمی "یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک وڵات" دامەزراوە. هێندێ مێژوونووس و ڕووناکبیری پێداچوونەوەخوازی ئێرانی وەکوو ئەفشین مەرعەشی[٢٧] و عەلی مەسعوودی ئەنساری[٢٨] ئەم بابەتە پشتڕاست دەکەنەوە. چاوخشاندنێکی زۆر خێرا بەسەر مێژووی هاوچەرخدا بە ڕوونی دەریدەخا کە ئێران وەکوو یەک دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرن لە دەیەکانی پاش یەکەم جەنگی جیهانیدا بنیات نرا. پێکهاتنی دەوڵەت و نەتەوەی مۆدێرن لە ئێراندا بە یارمەتیی پڕۆژە هزرییەکانی ڕووناکبیرانی وەک ئەندامانی "کۆڕی بێرلین" کە دواتر لە سەردەمی پەهلەویدا بوونە دەسەڵاتدار لەلایەک و سەرکوتی کولتوورە نافارسەکان بە هێزی سەربازی لەلایەکی دیکەوە ـ بۆ نموونە کۆمەڵکوژیی لوڕەکان لەلایەن

سپاسالار ئەمیرئەحمەدییەوە کە بە "ئایشمەنی ئێران" ناسراوە ـ بەڵگەی ئەو پرسەن، کە ناسنامەی نەتەوەی ئێرانی هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای حاشالێکردن و سڕینەوەی کولتوورەکانی نێو ئەو جوگرافیایە بنیات نراوە.[۲۹] هەر بۆیە نازانم تێگەیشتن لە ئێران وەک کۆمەڵگەیەکی "فرەنەتەوە" یان لە ڕوانگەی منەوە "فرەکولتوور" چ پەیوەندییەکی دەکرێ بە ستالینیزم و ئەو ئایدۆلۆژیا چەپەوە هەبێ کە بەڕێز ئەحمەدی باسی دەکات؟ لە ڕاستیدا، ئەو شتەی وا لای بژاردەی زاڵی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە ناوی "فیتنە و سەربزێوییە قەومی و عەشیرەتییەکان"ـی وەک شۆڕشی شێخ خەزعەل و شۆڕشی سمکۆ و کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان خرایە نێو مێژوونووسینی زاڵ و دەسەڵاتدارەوە و بوو بە باو، جگە لە بەرگری و سەرهەڵدانی کولتوورەکان و ئەو نەتەوانە نییە، کە لە هەمبەر سیاسەتی ستاندەرسازیی کولتوور و مێژوو و بیرەوەریی نەتەوەیی هاوبەشدا لەلایەن دەوڵەتی مۆدێرنەوە ڕاپەڕیبوون و بەربەرەکانێیان دەکرد. لەو ڕوانگەیەوە، ناسنامەی ئێرانی بەگوێرەی تێروانینی کۆنستراکتیڤیستی، نەک بەدەردی هابسابم "داهێنەرانە"ـیە بگرە ناوەڕۆکێکی کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستیشی هەیە، کە لەسەر بنەمای سەپاندنی زمانی فارسی وەکوو "حبل المتین"ـی ناسنامەی نەتەوەیی ئێرانی دامەزراوە. لە ڕاستیدا، بەپێچەوانەی بەڵگاندنەکەی حەمید ئەحمەدی، ناسنامەی نەتەوەیی ئێرانی یەکێکە لە باشترین نموونەکانی ئەو داهێنانە مۆدێرنە. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا و لە سایەی سیاسەتەکانی حاشالێکردن و یەکسانکردنی ڕابردوودا، کولتووره نافارسەکان لە زاراوە و زمانە خۆجێییەکان و فولکلۆر و نەریتە زارەکییەکاندا بچووک کراونەتەوە. ئەو بچووککردنەوە و سڕینەوە کولتوورییە، دیارە بەرگری و بەرەنگاریی نەتەوە ژێردەستەکانی لێ کەوتووەتەوە.

## ئێرانشارگەرایی وەک "سڕینەوەی جیاوازییەکان"

حەمید ئەحمەدی نەتەوە نافارسەکانی بە تاقمی زمانی و قەومی ناو بردووە و دەڵێ: "باشە ئەگەر بکرێ کوردەکان بەگوێرەی پێناسەی ستالینی و بەهۆی تۆزە جیاوازییەکی زمانی کوردی لەگەڵ فارسیدا بە نەتەوەیەک دابنێی، ئەوکات یەک نەتەوەی کورد چ بەزم و واتایەکە کە باسی دەکا؟ ناوبراو نازانێ لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و دەرەوەی ئەو ناوچانەشدا ئێمە کۆمەڵێک جۆراوجۆری و فرەیی زمانی و زاراوەیی و ئایینی و تاقمایەتیمان هەیە، کە زۆر لە فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی نێو ئێران پترن؟ سەرەڕای چوار زمان و زاراوەی کوردیی کرمانجی و سۆرانی و هەورامی و زازا و زاراوە جۆراوجۆرەکانی کەلهوڕی و.... جۆراوجۆریی شیعی ـ سوننی، ئێزدی (یان یەزیدی) و گەلێ تاقمی ئایینی وەکوو نەقشبەندی و قادری و... ئێمە لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیەی ناوبراو لە نەتەوە دەیخاتە ڕوو، لانیکەم لە ناوچە

جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دە نەتەوەمان هەیە. جیاوازییەکانی نێوان ئەو زاراوە و زمانانە لە ناوچە کوردنیشنەکاندا لەگەڵ یەکتر جاری وایە زۆر زیاترە لە جیاوازییەکەیان لەگەڵ زمانی فارسی". نامۆبوونی ئەحمەدی لەگەڵ چەمکی کولتوور و بەتایبەتی لەگەڵ کولتوورەکان و زمانە نافارسییەکان ـ کە بەدڵنیاییەوە لە نێو هەرەزۆری کۆمەڵناسان و مرۆناسان و مێژووناسانی نێو ئێرانیشدا زۆر باوە ـ وا دیارە ناوبراو بەو ئاکامە گەیاندووە، کە شتێکی زۆر مەزنی دۆزیوەتەوە. یەکەم ئەوەی کە هەبوونی زار و بنزاری جۆراوجۆر لە هەر زمانێکدا زۆر سروشتییە و پتر لە هەموو شتێک بە واتای پێچەڵپێچیی ئەو زمانەیە، ئەوەش جەوهەری بزۆک و زیندووی کولتوور دەخاتە ڕوو و تایبەتی یەک یان دوو کولتوور و نەتەوەی تایبەت نییە. ئەو پێچەڵپێچییانە دەکرێ لە زمانی عەرەبیدا (کە لە زیاتر لە دە دەوڵەت/ وڵاتی عەرەبیدا قسەی پێ دەکرێ) یان زمانی چینی و تەنانەت فارسیشدا بەدی بکرێ. دووەم، ئەگەر بەڕێز ئەحمەدی هەر تۆزێک بە زمان و کولتووری کوردی ئاشنا بوایە، دەیدی، کە جیاوازیی ڕێزمانی و ئەلفوبێ و خەزێنەی وشە کوردییەکان لەگەڵ زمانی فارسیدا زۆر زیاترە لە جیاوازییەکانی نێوان فارسی لەگەڵ عەرەبی. ئەگەر قەرار وابێ لێرەدا زمانێک لە ڕووی ڕێزمانی و ئەلفوبێ و دارشتنەوە لق یان زاراوەی زمانێکی دیکە بێ، ئەوە زمانی فارسییە کە دەبێ بنزارێکی عەرەبی بێت. بۆ ئاشنابوونی بەڕێز ئەحمەدی لەگەڵ زمانی کوردی، داوای لێ دەکەم چاوێک لە "فەرهەنگی زارەکیی موکریان" بکا، کە تا ئێستا دوازدە بەرگی لێ بڵاو بوەتەوە و هێشتا نەگەیشتووەتە پیتی "ق".[30] سێیەم، زمانی کوردی بەپێچەوانەی زمانی فارسی سەرەڕای ئەوەی زۆر کەم کەوتووەتە ژێر کارتێکەریی زمانی عەرەبی، دەرەتانی وشەسازی و زمانەوانیشی زۆر زیاترە. داوا بە بەڕێزیان دەکەم بۆ خوێندنەوەی دەقێکی کوردی، بۆ نموونە کتێبێکی من لە بارەی "شێوازناسیی چەندایەتی و چۆنایەتی" بخوێنێتەوە کە بە زمانی کوردی نووسیومە و چاپ و پەخشی لۆگۆس چاپی کردووە.[31]

پتر لە سەدەیەک سەپاندنی زمانی فارسی لەلایەن ئەرتەش و لەشکری بژاردە و مێژوونووسانەوە و سەدان بەرنامە و ناوەندی گەشەپێدان لە ئێرانی پاش ١٣٠٤ـەوە و تەنانەت پشتیوانیی دارایی و دامەزراوە و زانکۆیی لە دەرەوەی وڵاتیش، نابێ بەڕێز ئەحمەدی چەواشە و تووشی ئەو خراپتێگەیشتنە بکەن، کە دەکرێ زمانی کوردی بە بن لقێک (بنزارێک)ی زمانی فارسی دابنرێ، ئەگەرچی سروشتییە زمانەکان شت لە یەکتر وەردەگرن. بەڕێز ئەحمەدی، زمانەکان، نەتەوەکان و قەومەکان لە "تاقم"ـدا بچووک دەکاتەوە. هەر کۆمەڵەیەکی زمانی و قەومیی، بەشێوەی سەربەخۆ کولتوورێکی سەربەخۆیە و مافی کولتووری و مرۆیی یەکسان لەگەڵ ئەوانی دیکەی هەیە و، بە مۆرکی تاقم و زار و بنزار و شتی لەو چەشنە ناتوانی

بڕیاری لەناوبردن و یەکدەستکردنی جۆراوجۆرییەکانی مرۆیی بدەی. وەها بانگەشەیەک لەلایەن ئەحمەدییەوە زیاتر لە قسە و بانگەشەی بانگەشەکەرێکی مەسیحی یان کاربەدەستێکی داگیرکەری سەدەی هەژدەیەم دەچێ تا بۆچوونی خوێندەوارێک، کە لە ئێرانیش ژیاوە و دەشتوانێ زۆر بە ئاسانی دەستی بەو کولتوورانە ڕا بگا و تێیان بگا، بەڵام خۆی لێ بێبەش کردوون. لە هەر شوێنێک زمان هەبێ، لەوێ کولتوور دروست دەبێ، زمان بەشێک نییە لە کولتوور، زمان خۆی هاوواتای کولتوورە. وەک فرانس بواسی مرۆناس و زمانناسی دژەڕەگەزپەرستی دەڵێ، زمان گرینگترین کۆڵەکەی کولتوور و بەرهەمهێنەری کولتوور و سەرووتر لەویش خودی کولتوورە. کولتوورەکان لەوانەیە لە ڕووی ژمارە و جەماوەرەوە بچووک بن، بەڵام هەڵناگرن بە پێوانەی چۆنایەتی و چەندایەتی هەڵسەنگێنرێن. ناکرێ کولتوورەکان دەستەبەندی بکەی، ئەویش بە زەبر و زۆرداری. کولتوورگەلێک ـ بۆ نموونە کولتووری ”پیراکان“ لە ئەمازۆن ـ لەم جیهانەدا هەن، کە ژمارەی ئەندامەکانیان ناگاتە چەند هەزار کەسێکیش، بەڵام زمان و ناسنامەی کولتووری و جیهانبینیی تایبەتی خۆیانیان هەیە. بۆ نموونە کولتووری پیراکان، ”سیستەمی ژماردن“، ”کات“ و چەمکێک بە ناوی ”خودا“یان تێدا نییە. [٣٢] بچووککردنەوە یان دەستەبەندیکردنی کولتوورەکان لە بنەڕتدا کردەیەکی کۆلۆنیالیستییە لەسەر بنەمای ڕەتاندن و چەوساندنەوە و لەناوبردنی مرۆڤ. جەماوەری کەمی کولتوورێک یان ژمارەی کەمی ئاخێوەرانی زمانێک، ئەوان ناکاتە تاقم، بەڵکوو جۆراوجۆریی کولتووره مرۆییەکانی پێ زیاد دەبێ. ڕێچکەگەلی وەک هەڵسوکەوتی سەید جەواد تەباتەبایی و حەمیدی ئەحمەدی لەگەڵ هەڵاواردنی چەمکی زمان لە گەل و گەل لە نەتەوە و نەتەوە لە کولتوور و مێژوو، لەپێناو ڕەخساندنی دەرەتانی تیۆریی بچووککردنەوەی کولتوورەکانی نێو جوگرافیای ئێراندایە تا ئاستی ”یەکەی شیاوی بندەستی و ناشارستانیی بێ دەرەتانی کولتووری و مەعریفی“، ئەوەش لە پێناو پاساوی ئیمپریالیزمی زمانی و وڵاتێکدا کە لە یەکەیەکی کۆلۆنیالیستیی بەربەریندایە بەناوی ئێران. وەها ڕوانگەیەک بۆ کولتوور و وڵات، بیرهێنەرەوەی شێوەی زاڵی کۆلۆنیالیستیە لە کۆنترین و توندوتیژترین شێوەکەیدا، کە بە پشتبەستن بە پاساوگەلی بایۆلۆژیکی و زەینی لە هەوڵی داگیرکردنی وڵات و دەستگرتن بەسەر کولتوورەکەیدا و سڕینەوەی مۆرکی مرۆڤایەتی لە کولتووره مرۆییەکاندایە. هەر وەک بیرمەندگەلی وەکوو هانا ئارێنت ئاماژەیان پێ کردووە، تێڕوانینی ئاوا لەلایەن بژاردەی زاڵەوە ڕێخۆشکەرە بۆ ”ژینۆساید“ی کولتووری و لەوانەیە سڕینەوەی فیزیکییش. لایەنێکی دیکەی مەترسیداری ئەم ئایدۆلۆژیایە ئەوەیە کە بە ناوی بەرگری لە ”مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ“ ئەوەی تێدایە پاساودەر و هاندەری هەموو

چەشنە تاوان و زەبروزەنگێک بێت. ئەو تێگەیشتنە نەژادی و زمانییە لە مافەکانی مرۆڤ دەکرێ بە واتای کانت، بە جەنایەت دژی مرۆڤایەتی لەقەڵەم بدرێ، ئەوەی کە دەتوانی زمانێک لەناو ببەی، وڵاتەکەی داگیر بکەی، ئاخێوەرەکانی یەکدەست بکەی و کولتوورەکەی بسڕیتەوە، جگە لە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی بنەماییترین مافەکانی مرۆڤەکان هیچ شتێکی دیکە نییە.

لە کۆتاییدا، بەو دەرەنجامە دەگەم، کە دەستەواژەگەلی وەک "کولتووری ئێرانی" یان "ئێرانی کولتووریی بەرینتر" یان "World Persianate"، کە لەلایەن مێژوونووسانی وەکوو عەباس ئەمانەت و ئەوانی دیکەوە بوونەتە باو، لایەنی بایەخی و سیاسیی کۆلۆنیالیستی و سەرکوتکەرانەیان هەیە.[٣٣] ئێران، یەک کولتوور نییە، بەڵکوو یەک جوگرافیایە کە کولتوورەکانی نێو ئەو جوگرافیایە لە ماوەی چەندین سەدەدا پێکەوە و لەتەنیشت یەکتر ژیاون و کاریان لە یەکتر کردووە. هەبوونی فاڵێکی حافز یان شانامە لە گوندێکی هیند یان بەکارهێنانی زەعفەران لە شوێنێکی ئەنەدۆڵ "ئێرانی کولتووری" دروست ناکا، ئەگەر لەسەر بەو قسانە بێ، خۆ بەکارهێنانی "جیهانی عەرەبی" عەقڵانیتر دێتە بەرچاو، چونکە زمانی عەرەبی ئێستاشی لەگەڵ بێ، نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرە لە باکووری ئەفریقا و شوێنەکانی دیکەی دونیاش زمانی شەرع و دین و بنەمای ئەلفوبێ و واژەگەلی فارسی و هەروەها دابونەریتی ئایینییە. ئەو جوگرافیایەی ناوی ئێرانە، هەواری کولتوورگەلێکە وەکوو کورد و فارس و لوڕ و عەرەب و بەلووچ و مازنی و گیلەکی و تورکمان و ... کە هەر کام زمان و هەرێم و دابونەریت و بیرەوەریی هاوبەشی تایبەت بەخۆیان هەیە. لەو نێوەدا فارس نە کۆڵەکەی کولتووری ئێران و ئاڵاهەڵگری سەروومێژووی شارستانیسازیی ئەو جوگرافیایەیە، بەڵکوو یەکێکە لەو کۆمەڵە کولتوورەی لەو جوگرافیایەدا نیشتەجێن، بەڵام بە پشتیوانیی ئەرتەشی مۆدێرن و لەشکری بژاردە و پیاوانی دەوڵەت و هەلومەرجی سیاسی و جیهانیی بەربڵاوتر توانیویەتی وەکوو بوونێکی سەروومێژوو خۆی بناسێنێ. ئەو تایبەتمەندییە "سەروومێژووییە" بە نرخی "سڕینەوەی مێژوو" و "کوشتنی مێژوو"ی کولتوورەکانی دیکە بەرهەم هاتووە.[٣٤] ئەو کولتوورانەی زیاتر لە سەدەیەکە بۆ دۆزینەوەی ناسنامە و مێژووی لەدەستچووی خۆیان خەبات دەکەن. بە قسەیەکی جەلالی ئالی ئەحمەد باسەکەم تەواو دەکەم، کە لە لاپەڕەی ٣١٠ی کتێبی خزمەت و خیانەتی ڕووناکبیران"دا ئاماژە بەو کولتوورکوژییە دەکا: "ئێستا ئەوە چل و چەند ساڵێکە کە هەموو هەوڵی حکوومەتەکانی ئێران نەک بۆ سنووردارکردنی زمانی تورکی، بەڵکوو بۆ لەناوبردنی ئەو زمانە. ناویان نا ئازەری، زمانی داسەپاو، ناوی شار و گەڕەکەکانی ئازەربایجانیان گۆڕی، فەرمانبەر و سەربازی تورکیان نارده شوێنە فارسنیشینەکان، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ، بچووکترین

سـەرکەوتنمان بـۆ لەناوبردنی زمانی تورکی بەدەسـت نەهێنـاوە."

## سەرچاوەکان:


1. (pecritique.com) ایران«اتنیک»ندارد! / پیمـان وهـاب زاده – نقـد اقتصاد سیاسـی.

2. https://t.me/jtjostarha/363

3. https://t.me/iranvayj/5

4. Haviland, William A. et al. (2008), Cultural Anthropology: The Human Challenge. Belmont, CA: Thomson Wadsworth.

5. Williams, Raymond (1985), Keywords: A Vocabulary of Culture and Society. New York: Oxford University Press.

6. Geertz, Clifford (1973), The Interpretation of Cultures: Selected Essays. New York: Basic Books.

7. Segal, Daniel and Sylvia Yanagisako (2005), Unwrapping the Sacred Bundle: Reflections on the Disciplining of Anthropology, Duke University Press.

8. McGee, Jon (2012), Anthropological Theory: An Introductory History, New York: McGraw-Hill.

9. Asad, Talal (1973), Anthropology and Colonial Encounter, Ithaca Press.

10. Lehmann, Winfred (1967), A Reader in Nineteenth Century Historical Indo-European Linguistics, Indiana University Press.

12. Hockey, Katherine, and David Horrell (2018), Ethnicity, Race, Religion: Identities and Ideologies in Early Jewish and Christian Texts, and in Modern Biblical Interpretation. London: T&T CLARK.

13. Welsh, Robert, et al., (2020), Anthropology: Asking Questions About Human Origins, Diversity, and Culture, Oxford University Press.

14. Vaziri, Mustafa (1993), Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity, New York: Paragon House.

15. Asgharzadeh, Alireza (2007), Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, Aryanist Racism, and Democratic Struggles, New York: Palgrave Macmillan.

16. Zia-Ebrahimi, Reza (2016), The Emergence of Iranian Nationalism: Race and the Politics of Dislocation, New York: Columbia University Press.

17. Matin-Asgari, Afshin (2014), "The Berlin circle: Iranian nationalism meets German countermodernity" In: Scot-Aghaei, Kamran and AfshinMarashi (eds) Rethinking Iranian Nationalism and Modernity, Austin: The University of Texas Press, pp. 49–67.

18. افشار، محمود «یک پاسخ»، داریا، ۶ آبان ۱۳۲۴.

19. Gomes, Alberto (2013), "Anthropology and the Politics of Indigeneity", In: Anthropological Forum A Journal of Social Anthropology and Comparative Sociology, Vol 23, Issue 1, https://doi.org/10.1080/00664677.2012.749179

20. Smith, Anthony (1991), National Identity, University of Nevada Press.

21. Gellner, Ernest (1983), Nations and Nationalism, Oxford: Blackwell Publishing.

22. Amanat, Abbas (2017), Iran: A Modern History, New Haven: Yale University Press.

23 Dabashi, Hamid (2007), Iran: A People Interrupted, New York: The New Press.

24. احمـدی، حمیـد ( ۱۳۷۶ )، قومیـت و قـوم گرایـی در ایـران ، افسـانه یـا واقعیـت، تهران: نشـر نی.

23. Hobsbawm, Eric and Terence Ranger

(1983), The Invention of Tradition, Cambridge University Press.
26 Anderson, Benedict (1983), Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism, Verso.
27. Marashi, Afshin (2008), Nationalizing Iran: Culture, Power and the State, The University of Washington Press.
28. Ansari, Ali (2012), The Politics of Nationalism in Modern Iran, Cambridge University Press.
29. Soleimani, Kamal & Ahmad Mohammadpour (2019), “Can non-Persians speak? The sovereign’s narration of “Iranian identity.”” Ethnicities, 19(5), 925–947. https://doi.org/10.1177/1468796819853059
30 https://kurdpress.com/fa/news/2956/
31. https://irlogos.com/products/allbooks/metodnasi/
32.https://www.theguardian.com/technology/2012/mar/25/daniel-everett-human-language-piraha
33. Amant, Abbas and Assef Ashraf (2018), The Persianate World: Rethinking a Shared Sphere, Brill.
34. Mohmmadpour, Ahmad and Kamal Soleimani (2022), “Silencing the Past: Persian Archaeology, Race, Ethnicity and Language”, Current Anthropology, Volume 63, Number https://www.journals.uchicago.edu/doi/10.1086/719886 2021 “.